# پرۆژەی واژەگۆکەریی لە زمانی کوردیی_ شێوەزاری سلێمانییدا

**سازان طاهر سعيد**

بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پڕۆژەی واژەگۆکەریی لە زمانی کوردیی-شێوەزاری سلێمانییدا)، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و دەرخستنی دەسەڵاتی سینتاکسیی واژەگۆکەرەکان وەک سەرێکی ئەرکیی پڕۆژەسازدەر، بۆ بونیاتنانی جۆرێکی پڕۆژە پاش_ڕستەییەکان لە مەودای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکیدا بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکەدا هەڵگیراون. بۆئەوەش پەیڕەوکردنی ڕێبازی (پەسنی شیکاریی)، کراوەتە بنەمای پەسنکردنی نموونەو بەڵگەکان و دواتر شیکردنەوەیان. گرنگیی توێژینەوەکە، بەرهەمهێنانی لایەنە دروستەییەکەی پڕۆژەکەیە لەسەر بنەمای هەردوو جۆری کردارە بنەڕەتیی و هەڵگوێزراوەکان بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە، کە هەڵگری زانیاریی سینتاکسیی و سیمانتیکیی جیاوازن، ئەوەش لەلایەک دەبێتە پێتی جیاوازیی دروستەییان، لەلایەکی تریشەوە گۆکردنی سینتاکسییان لەناو کۆی دروستەی پڕۆژە پاش_ڕستەییەکەی ڕستەی ئاڵۆزدا.

**کلیلە ووشەکان:** واژەگۆکەر، توخمی فەرهەنگیی، دروستە، زانیاریی سینتاکسیی، ڕستەی ئاڵۆز .

## پێشەکی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پڕۆژەی واژەگۆکەریی لە زمانی کوردیی-شێوەزاری سلێمانییدا)، پڕۆژەکە لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکییدا کاری تێداکراوە، کە تێیدا واژەگۆکەرەکان وەک سەرێکی ئەرکیی پڕۆژەسازدەر، بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێکی پڕۆژە پاش_ڕستەییەکان، لە سنووری دوو بەشدا کۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە. بەشی یەکەم، بۆ ڕاڤەکردنی سینتاکسییانەی پڕۆژەی فرێزی واژەگۆکەریی تەرخانکراوە، کە بەهۆی دەسەڵاتی سینتاکسیی سەرە پڕۆژەسازدەرەکەی واژەگۆکەرەوە بەرهەمدێت. لە بەشی دووەمیشدا، جۆری ناوە کردارییەکان پەیوەست بە بونیاتی ڕستەی ئاڵۆزەوە بەهەندوەرگیراوەو تێیدا دروستەییانەو سینتاکسییانە شیکراونەتەوە، دواتر ئاکارە سینتاکسییەکانی ناوی کرداریی (بنەڕەتیی و هەڵگوێزراوی مۆرفۆلۆژییانە) پەیوەست بە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزەوە خراوەتەڕوو، وێڕای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارەی، ئایا بەترۆپککردنی سینتاکسیی لە پڕۆژەی پاش_ڕستەیی ڕستەی ئاڵۆزی زمانی کوردییدا، کردەیەکی پێشبینییکراوە، وەکئەوەی لە پڕۆژە ڕستەییەکاندا باوەو ڕوودەدات؟ توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی (پەسنی شیکاریی) ئەنجامدراوە، نموونەو داتا وەرگیراوەکانیش لە شێوەزاری سلێمانییەوە، کراونەتە بەڵگە تاقیکراوەکانی توێژینەوەکە. جێی ئاماژە بۆکردنە، لەو ڕوانگەیەوە، کە واژەگۆکەرەکان بەهۆی بەرهەمهێنانی ڕستیلە/ بەشە پەیوەستەکەی ڕستەوە، مەرجی ڕوودانی دروستەی ڕستەی ئاڵۆز تێردەکەن و دەبنە بەشێک لە پەیکەرە گشتییەکەی، لەم توێژینەوەیەدا پڕۆژەی پاش_ڕستەیی واژەگۆکەریی، پەیکاڵی ڕستەی ئاڵۆز بەکاربراوە.

## ١. پڕۆژەی پاش_ڕستەیی واژەگۆکەر

### ١/١ پڕۆژەی فرێزی واژەگۆکەریی CP

واژەگۆکەرەکان وەک توخمی فەرهەنگیی $X^0$، گۆکردنی سەری ڕێزمانیی ئەرکییان هەن بۆ هەڵاوێرکردنی تەواوکەرێکی سینتاکسیی_ڕستەیی لە جۆری ڕستەی سادە، بەوەش تەواوکەرەکە حوکمی ئارگومێنت_داواکراوی سینتاکسیی هەیەو لەڕووی سینتاکس و واتاشەوە پەیکاڵێتی. بە دەربڕینێکی دیکە، تەواوکەرە سینتاکسییەکە خورتییە، واتە بەڵگەیی و داواکراوە، چونکە لە ناواخنی فەرهەنگیی سەرە ئەرکییەکەی $C^0$ دا، وەک زانیاریی سینتاکسیی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فرێزی تەواوکەری ڕستەیی، هەڵگیراوە، بەو واتایەی "واژەگۆکەرەکە لە بنەڕەتدا بۆ مارکەکردن/ نیشانەکردنی ڕستیلەی تەواوکەرییە" (MATTHEWS, 2007, 68).

ئەوەی گرنگە بگوترێت، پڕۆژە بەرهەمهاتووەکەی فرێزی واژەگۆکەریی/ تەواوکەری ڕستەیی، بەهۆی هەبوونی سەرە ڕێزمانییەکەی واژەگۆکەرەوە، دروستەی ڕستیلە $Y^-$ ی دەبێت، "چونکە "واژەگۆکەر کاریگەریی لەسەر گۆڕینی دروستە _ویستە جێبەجێبووەکەی_ هەیەو لە ڕستەوە دەیکات بە تەواوکەر" (FROMKIN, RODMAN, HYAMS, 2003, 577)، کە لەڕووی سینتاکس و سیمانتیکیشەوە، ئازادیی ڕوودان و گۆکردنی نییە (بڕوانە دروستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (١_ا))، چونکە سەرە ئەرکییەکەی واژەگۆکەر پەیوەست بە پێدانی زانیاریی سیمانتیکییەوە، کۆی دروستەکە/ ڕستیلەکە وابەستەی شکانەوەی لەناو پڕۆژەیەکی گەورەتردا دەکات، کە پڕۆژەی ڕێککەوتن AGRP ە، لەبەرئەوەی "واژەگۆکەرەکان جیاواز لە مۆرفیمەکانی تەکخستن conjunctions، دوو توخم _بەش_ی ناهاوتا/ ناچوونیەک لەڕووی جۆرو دروستەوە، پێکەوەدەلکێنن" (CARNIE, 2011, 46)، کە یەکێکیان پڕۆژەی ڕستەیی و ئەویتریشیان ڕستیلەیە، لێکەوتەی لینککردن و بەستنەوەی هەردوو پڕۆژەکەش، دروستەی پاش_ڕستەیی واژەگۆکەریی/ ڕستەی ئاڵۆزی دەبێت. بە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 1(2025)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n1y2025.pp10-18
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 4 أيلول 2024؛ قُبل في 2 تشرين الأول 2024؛ نُشرت في 13 كانون الثاني 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :sazan.mohammad@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 سازان ظاهر سعيد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دەربڕینێکی دیکە، ڕستەی ئاڵۆز جۆرێکی پرۆژە ئەرکییە پاش_ڕستەییەکانە، کە واژەگۆکەرەکان $C^0$ "وەک کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی_ئەرکیی" (سەرچاوەی پێشوو، 577 ,149) جڵەوی کۆی پرۆژەکەیان گرتووەو بەرهەمهێنانی مسۆگەردەکەن، لەگەڵئەوەشدا CP دروستەیەکی جیاو سەربەخۆی هەیە، بەڵام لابردن/ دەرنەبڕینی، کۆی دروستە پاش_ڕستەییەکە دەکاتەوە پرۆژەیەکی ڕێککەوتنی ڕستەیی. (بڕوانە (١_ب).

١_ا. شیرینیم زۆر خواردووە، بۆیە نامنەخوارد.

ب. شیرینیم زۆر خواردووە.

لەمبارەیەوە، بەپێی وەشانەکانی تیۆری X_bar و لە سنووری گەشەسەندنەکانیدا، تیۆرەکە فراواندەکرێت، تاوەکو دروستەییانە ڕستیلەش بگرێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، شوێنی سەرە ئەرکییەکان (پەیوەست بە ئەم توێژینەوەیەوە بە دیاریکراویی مەبەست لە واژەگۆکەرەکانە) لەناو تیۆرەکەدا دیاریدەکرێن، واتە (تیۆری (X-bar)، لەمیانەی چارەسەرکردنی ئەو ڕەخنانەی، کە لە یاساکانی ڕۆنانی فرێز دەگیران، بەوەی تەنها بۆ کاتیگۆریی گرێی فەرهەنگیی، تەرخانکرابوون، شوێنی فرێزی ئەرکیی لەنێو یاساکانیدا کردووەتەوە) (سیسۆ، ٢٠٢٢، ١٣). لەو ڕوانگەیەشەوە، کە ڕستەی ئاڵۆز پرۆژەی سەرێکی ئەرکییە، ڕاڤەکردنەکانی تیۆرەکە دەیگرێتەوە. هەژمارکردنی دروستە بەرهەمهاتووەکەش بە پرۆژەیەکی ئەرکیی، پشتبەستووە بەوەی، "سەرە فەرهەنگییەکان، پرۆژەی فەرهەنگیی و سەرە ئەرکییەکانیش، پرۆژەی ئەرکیی بونیاتدەنێن" (Haegeman, 1998, 116)، هاوکات ( FROMKIN, RODMAN, HYAMS, 2003, 149)یش بۆچوونیان وایە، "واژەگۆکەرەکان، سەری کەتیگۆریی _پرۆژەی CP (فرێزی واژەگۆکەریی -Complementizer Phrase) پێکدەهێنن"، بەوەش واژەگۆکەر بە سەری ڕستیلە هەژماردەکەن. تاوتوێ و ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە لەبارەی واژەگۆکەرەکانەوە دەکرێنە بنەماو بەهۆیانەوە، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییان لە یاسای (١)دا شێوازبەنددەکرێت.

**١) $[Y] + C^0$**

لە نموونەی (١_ا)دا، واژەگۆکەری /بۆیە/، سەری ڕێزمانیی ڕستیلەکەی پێکهێناوەو گۆکردنی پریدیکاتۆری سینتاکسیی هەیە، بۆیە بەپێی یاسای (١)، وەک سەرێکی ئەرکیی، خورتییانە ویستە فەرهەنگییەکەی، کە دروستەی ڕستەیەکی سادەی وەک >نامنەخوارد< ی هەیە، داوادەکات، (بڕوانە نیشانەکردنی ناواخنی یاساکە لە یاسای (٢)دا). بەوەش لە تەواوکەرە سینتاکسییەکەوە (کە دروستەییانە گۆکردنێکی ئازادی سینتاکسیی و سیمانتیکیی هەیە)، دروستەیەکی نائازاد لە جۆری ڕستیلە بەرجەستەدەکات، کە بەرهەمهێنانەکەی لە سنوورو مەودای سینتاکسدا جێبەجێدەبێت، لەکاتێکدا سەرە ئەرکییەکانی دیکە، ویستی تێرکردنی پرۆژەکەیان بەپێی زانیاریی ناواخنەکەیان جیاواز دەبێت، بۆ نموونە سەری ئەرکیی دیارخەر، یەکێک لە دروستەکانی (NP, DP, Pre.NP, Pre.AP) (بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٣، ٢٤_٣٤))و سەری ئەرکیی تاف، (VP) و سەری ڕێککەوتنیش، (TP) وەک تەواوکەر هەڵاوێردەکات (بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (٢)و بە (١) بەراوردیانبکە). دەتوانرێت لە نموونەکانەوە، یاسای بەرهەمهێنانی فرێزی واژەگۆکەریی لە (٣)دا هەڵبهێنجرێت، کە دەریدەخات "فرێزی واژەگۆکەریی، فرێزێکە واژەگۆکەرێک سەرەکەیەتی.) (RADFORD, 2012, 378)

٢)




٣) $AGRP + C^0 \longleftarrow CP$

| | |
|---|---|
| ٢_ا. درەختەکە زۆر گەورە بوو. | NP |
| ب. ئەوان خانوویەکی خۆشیان هەبوو. | DP |
| پ. کچە ئەندازیارەکە لێهاتووە. | Pre.NP |
| ت. پیاوە باشەکەم بینی. | Pre.AP |
| ج. {پەنجەرە سڕ} | VP |
| ح. {سەوزە فرۆشت} | TP |

## ٢/١ واژەگۆکەر پەیوەست بە پریدیکاتۆرەوە

لەو ڕوانگەیەوە، کە واژەگۆکەری سەر، دەسەڵاتی دروستەیی بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ئەرکیی هەیە، بە هەڵاوێرکردنی ناواخنە ڕستەییەکەی، ئەگەری بوون_ بە پریدیکاتۆری مسۆگەرە، بۆیە پاش بونیاتنانی فرێزە تەواوکەرە ڕستەییەکە، کۆی دروستەکەی CP، گۆکردنی پریدیکاتی ڕستیلەیی دەبێت و بەوەش دەسەڵاتە سینتاکسییەکەی، لە هەڵبژاردنی پرۆژەیەکی ڕێککەوتنی ڕستەییدا بۆ تێرکردنی ڕستەی ئاڵۆز، بەرجەستەدەبێت (بڕوانە هێڵکاریی (١)). بۆ ئەزموونکردنی نموونەکەش، بڕوانە (٣)و نواندنی لە هێڵکاریی (٢)دا). بەوپێیە دروستەی ئەمجۆرە ڕستەیە، مەرجدارە بە بوونی واژەگۆکەرەکان، کە دروستەکە (ا) لەلایەک هۆو هۆکاری پەسنکردن و ڕوونکردنەوەی واتایی کرداری سەرەکییە، ئەویش ئەوکاتە دەبێت، کە فرێزە تەواوکەرە ڕستەییەکە _واژەگۆکەری $C^0$ و تەواوکەرەکەی پێکەوە_، هەڵسوکەوت و گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێزی سەربار ZP ی هەبێت، بەوەش (واژەگۆکەرەکە نیشانەی ئاوەڵکرداریی بە ڕستەکە دەدات) (مەعروف، ٢٠٠٩، ١٠٥). ئەوکات "ڕستەیەکی ئاڵۆزی سەرپشکی بەرهەمدێت. لە ڕستەی ئاڵۆزی سەرپشکیدا، (CP) دەبێتە پرۆژەیەکی هەڵواسراوو بەپێی ئەو گۆکردنەی، کە لە ڕستە ئاڵۆزەکەدا دەیبێت، بە یەکێک لە نۆدەکانی پرۆژە گەورەکەدا هەڵدەواسرێت" (والی، ٢٠٢٣، ٨٩). گرنگە ئەوەش بگوترێت، لەگەڵئەوەشدا، کە ڕستیلە ئاوەڵکردارییەکان دروستەی سەربارن، کەچیی پێشبینییدەکرێت بۆ پڕکردنەوەو تەواوکردنی داخوازییەکانی ڕستەی ئاڵۆز، ناچاریی و خورتیی بن، چونکە پێش قۆناغی گۆکردنە ئاوەڵکردارییەکەیان، ڕستیلەی پریدیکاتن بۆ داواکردنی ڕستە سەرەکییەکە، بەوەش ئەو بنەمایە جێبەجێدەکەن، کە کراوەتە مەرجی هێنانەکایەو خوڵقاندنی ڕستەی ئاڵۆز. (ب) لەلایەکی تریشەوە، دروستەی CP، بەشێکی بەڵگەیی و داواکراوی ناواخنە فەرهەنگییەکەی ئەو کردارانەن، کە مۆرفۆلۆژییانە بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە هەڵگوێزراون و حوکمی کرداری هێز_تێپەڕیان هەن، کە پاش جێبەجێبوونی ویستەکەیان، ڕستەی ئاڵۆز بەرهەمدێت. (بۆ دەستخستنی زانیاریی لەبارەی (جۆرەکانی ڕستەی ئاڵۆز)ەوە، بڕوانە (عەلی و حسەین، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ڕستەی

ئاڵۆز، ٢٠١٢، ٧٣_٩٥)). هاوکات خشتەی (١)یش، تایبەتە بە جۆرو گۆکردنی ڕستیلەکان، کە لە (Baker & Hengeveld, 2012, 164)ەوە وەرگیراوە. (لە وەچەپارەکانی دواتردا، بەپێی پێویستی و لە دووتوێی ڕاڤەکردنەکاندا، ئاماژەیانپێکراوە).

خشتەی (١)

| ئەرک/ گۆکردن | جۆری ڕستیلە |
|---|---|
| ئارگومێنت | ڕستیلەی تەواوکەریی |
| هەڵواسراو | ڕستیلەی ئەدڤێربڵیی |
| پریدیکات | ڕستیلەی پریدیکات |
| مۆدیفایەر (لەگەڵ NP یەکدا) | |

هێڵکاریی (١)




٣_ زارا زۆر کۆششیدەکرد، بۆیە Pro دەرچـــوو Ø




هێڵکاریی (٢)




### ٣/١ یاساکانی گوێزانەوە

یاساکانی گوێزانەوە، ئەدگارێکی سینتاکسیی زمانە سروشتییەکانن‌و بۆ بەشێك لە وەچەپێکهاتەکانی ڕستە، جێبەجێکردنیان خورتیی‌و پێویستە، چونکە لەسەر بنەمای دووپەلکیی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە دروستەییەکانی نێوان سەرو تەواوکەر پەیوەست بە پێدانی دۆخی ڕێزمانیی‌و ئاڕاستەی دۆخەوە جێبەجێدەکرێن، بەوپێیەی ڕیزبوونی سەرو تەواوکەر لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی‌و نواندنە سینتاکسییەکەیاندا لەیەکجیاوازن. لەو ڕوانگەیەوە، هەرچەندە زمانی کوردیی بە گشتیی جووت__پارامیتەرییە (بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٣، ٣٠)، هەروەها (حمەرحیم، ٢٠٢٣، ١٢١))، بەڵام لە زۆرینەی دروستەکانیدا، ئاڕاستەی پێدانی دۆخ لە چەپەوە بۆ ڕاستە، بۆیە زمانەکە زیاتر مەیلی جێبەجێکردنی ڕێسای سەرکۆتایی دەکات، لەبەرئەوە بۆ پاراستنی ئەو ڕێسایە، گواستنەوەی پێکهاتەی سینتاکسیی پەیوەست بە فرێزەوە ڕوودەدات. هەمبەر بەمە، جۆرێکی دیکەی گواستنەوە لەئارادایە، کە بەهۆی یاسا سەرپشکییەکانەوە جێبەجێدەکرێن (بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی یاسا بەخورتیی و ئارەزووییەکانی گوێزانەوەوە، بڕوانە (کەمال، ٢٠٠٢، ٥٩_٦٩))، بەڵام ئەم یاسایانە "پێویستیی سەرەکی نین‌و بێ جێبەجێکردنیان، ڕستەی ڕێزمانی لە ئاستی ڕووکەشدا دادەڕێژرێت" (حسەین، یاساکانی گواستنەوە بەگشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، ٢٠١٢، ٣٥)، هەروەك لە پێواژۆی ترۆپککردنی ئارگومێنتی بەرکاردا ڕوودەدات.

لەوڕووەوە، لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان‌و گوێزانەوەدا، کۆی یاساکانی گوێزانەوە لە بنچینەدا، پرۆسەی a بجووڵێنە پێشنیازدەکات (بڕوانە (مەحوی، ٢٠٠١، ٢٧٦))، ئەویش بە جوڵاندنی ئەو پێکهاتە سینتاکسییانەی، لەژێر ڕکێف‌و مەودای سەرێکی ڕێزمانییدا حوکمدەکرێن، بۆ جێکەوتەیەکی بەتاڵی ئامادەکراوو هەبوو، یان هەڵواسراو لە دروستەکەدا، بەوپێیەی "گواستنەوە کردەی جوڵاندنی کاتیگۆرییەکی فەرهەنگیی، یان فرێزیی وەک (VP, V, NP, N)یە لە جێکەوتەیەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی تر لەناو دروستەیەکدا" (Parker & Riley, 2012, 63). گواستنەوەکان سنوور بۆدانراون‌و وابەستەی ئەو کۆت‌و مەرجە دیاریکراوانەن، کە یاساکان ڕێکیاندەخەن. گرنگترین یاساکانی a بجووڵێنەش، بە (ا. فرێزی ناویی بجووڵێنە (بگوێزەرەوە)، ب. فرێزی وشەی

پرسیار بجووڵێنە، پ. بەرزکردنەوەی کوانتۆرەکان.) دیاریکراون. (مەحویی، ٢٧٧، ٣٢٢_٣٢٣)، بۆ زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، بڕوانە: (Aarts, 2001, 142_160).

## ٢.پرۆژەی واژەگۆکەرەکان لە زمانی کوردیی_ شێوەزاری سلێمانییدا

### ١/٢ ناوی کرداریی پەیوەست بە بونیاتی ڕستەی ئاڵۆزەوە

ناوە کردارییە سادەکان ئەوانەن، کە لە فەرهەنگدا بە فۆرمە بنەڕەتییەکەیانەوەو بە دەروازەی زانیاریی خۆیانەوە گەنجکراون، بڕوانە /زانین، خستن، بردن/، بە جۆرێک بۆ هەر ناوێکی کرداریی، جگەلە واتاو زانیاریی سیمانتیکیی، ئەدگارو تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژییانەی وەک جۆری پۆلەڕەگەز، هاوکات زانیاریی سینتاکسییانەی پەیوەست بە هێزی کردارو لەوەشەوە جۆر/ دروستەی ئارگومێنت_داواکراوەکانی تەواوکەر هەڵگیراون. بەوپێیە بێت، بۆ هەندێک لە کردارەکان ویستی ناوکۆیی بۆ هەڵاوێرکردنی هەمان دروستەو جۆری تەواوکەر لەئارادایەو بۆ هەندێکیشیان جیاوازن، بە جۆرێک "ویستی توخمە پرۆژەسازدەرەکان پەیوەستی کەتیگۆرییەکی دیاریکراو نییە، چونکە زانیارییە سینتاکسییەکانی ناواخنیان ئەبستراکتن و لە بەرجەستەکردنیاندا دەردەکەوێت، کە توخمەکان چ جۆرێکی کەتیگۆری داوادەکەن". (والی، ٢٠٢٣، ٩)، ئەم جیاوازییەش بە ڕوونی لە ئارگومێنتی ناوەکیی کردارە سادەکان و کردارە فۆرمگۆڕاوە مۆرفۆلۆژییەکاندا بەهۆی /پێ_، تێ_، لێ_/وە دەردەکەوێت. کەواتە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزی کرداریی لە کوردییدا، بەهۆی نموونەو داتا هەمان_کاتیی/ سینکرۆنییەکان و تاقیکردنەوەیانەوە، چەند یاسایەک هەڵهێنجراون، (بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٤، ٢٢٠))، کە لەڕێی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی کردارەکانەوە بەرجەستەدەکرێن، تێیدا چەشنی ناواخنەکە لە نواندنێکی تەختدا نیشاندەدرێت و لەوەشەوە جۆری دروستە کردارییەکانیان لە سینتاکسدا، پێشبینییکراو دەبێت.

هەموو ئەو زانیارییانەی خرانەڕوو، بۆ بونیاتنانی دروستەی فرێزی کردارییەن، کە هەمان ئەو دروستەیە، دەشێت بەشداریی بەرهەمهێنانی پرۆژەی ڕستەی فۆڕم جیاوازی وەک پرۆژەی ڕێککەوتنی ڕستەیی، یاخود پرۆژە پاش_ڕستەییەکانی وەک ڕستەی (لێکدراو، ئاڵۆز، ...هتد) بکات، ئەویش بە جێبەجێکردنی مەرجە بۆدانراوو خوازراوەکان، هەروەک پابەندبوون بەو بنەماو مەرجە واتایی و سینتاکسییانەی، سەرە پرۆژەسازدەرەکەی واژەگۆکەر بۆ تێرکردنی پرۆژەیەکی پاش_ڕستەیی ڕستەی ئاڵۆز، خورتیانە دەیانسەپێنێت. (بڕوانە (٤_ا، ب)) بەهۆی ناوە کردارییە سادەکانی /چوون، زانین/ەوە.

٤_ا. شاهان چوو بۆ پارکی ئازادیی، چونکە بانگهێشتکرابوو.

ب. ئەو وەڵامی پرسیارەکەی زانی، چونکە باش خۆی ئامادەکردبوو.

ئەوەی پەیوەست بەم وەچەپارەوە گرنگە، هەڵگواستنی ناوی کرداریی لەڕێی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە بە پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییانە، کە وەک تەرزێکی وشە دروستکردن- هەڵگواستن-، جگەلە گۆڕینی دروستەو زانیاریی سینتاکسیی، بۆ گۆڕینی واتاو ناوەڕۆکیشە، ئەویش بە پێدانی زانیاریی سیمانتیکیی نوێ بە دەرکردە/ دروستە مۆرفۆلۆژییە نادەکە، بەوەش فۆڕمە نوێ هەڵگوێزراوەکە، دەبێتە خاوەنی ناواخنێکی جیاواز لە فۆڕمە بنەڕەتییە فەرهەنگییەکەی. پێواژۆی مۆرفۆلۆژییش لەڕێی تەرزە جۆراوجۆرو جیاوازەکانییەوە، هەر لە خۆیدا بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕم و واتای نوێیە. بەوپێیە پێشناوە فەرهەنگییە ئاماژەپێدراوەکانی سەرەوە "زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکانی کرداری فەرهەنگیی دەگۆڕن و کردارێکی زانیاریی_جیاوازی فەرهەنگیی هەڵدەگوێزن" (مەعروف، ٢٠٢٠، ٦٢). (بڕوانە نموونەی (٥) و بە (٦) بەراوردییکە). دروستە هەڵگوێزراوەکانی /پێزانین، پێگەیشتن، پێوتن/، نموونەن بۆ ناوە کردارییە هەڵگوێزراوەکانی لەو چەشنە. هاوکات ئەو ناوە کردارییە نادەکانەش، کە پێکهاتەکەیان لێکرژاوەو پێشناوە فەرهەنگییەکان مۆرفۆلۆژییانە بەشداریی سەگمێنت/ دروستە هەڵگوێزراوەکەی کردوون، هەمان لێکدانەوەو ڕاڤەکردن پەیوەست بە بونیاتی ڕستەی ئاڵۆزەوە هەڵدەگرن، بڕوانە تاقیکردنەوەی ناوی کرداریی لێکرژاوی /کارپێکردن/ لە (٧)دا.

٥. تا ئێمە خۆمان ئامادەکرد، ئەویش گەیشت. /گەیشتن/

٦. منداڵەکە لە ڕێگای قوتابخانە بە دایکی گەیشت. /پێگەیشتن/

٧. من ویستم، (کە) هەر زوو کارەکە بە ئەوان بکەم. /کارپێکردن/

لەوڕووەوە، هەرچەندە ناواخنی فەرهەنگیی کردارە هەڵگوێزراوەکانی لە چەشنی /پێزانین، لێزانین،...هتد/، پەیوەست بە بەرهەمهێنانی ڕستەی سادەوە هەڵسوکەوتی سینتاکسییانەی ئارگومێنتی ناوەکیی کرداری هێز_تێپەڕیان هەن، چونکە یاسای $V^0$ + [Y] لە بونیاتنانی دروستەی فرێزە کردارییەکانیاندا بە هەڵاوێرکردنی تەواوکەر بە دروستەی PP یەوە پەیڕەودەکەن، کەچیی جیاواز لەو جۆرە ڕستانە، بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی واژەگۆکەریی پاش_ڕستەیی ڕستەی ئاڵۆز، لەبری (فرێزی پێشناویی PP)، داخوازیی فەرهەنگیی ئەوجۆرە کردارانە، ڕستیلە CP دەبێت، بەوەش بەشە پەیوەستەکەی ڕستیلە، جێکەوتەی $Y^-$ لە کۆی دروستەکەدا دەگرێت. لێرەوە پرسیارێک دێتەئاراوە، ئایا /پێزانین/ و کردارە هەڵگوێزراوەکانی لەو چەشنە، بە دوو ناواخنی فەرهەنگیی_سینتاکسیی جیاوازەوە هەڵگیراون؟ وێڕای جیاوازییان لەگەڵ فۆرمە بنەڕەتییە سادەکەیاندا.

لە دەستخستنی وەڵامی پرسیارەکەدا، تاقیکردنەوەی نموونەکان و لێکدانەوەیان دەکرێنە بنەماو بەڵگەو پشتیانپێدەبەسترێت. بۆئەوەش ئەگەر وایدابنێین کردارەکان دوو ناواخنی جیاوازیان هەن، کەواتە بە دوو جۆر بەرجەستەکردنی جیاوازەوە لە سینتاکسدا بونیاتدەنرێن، ئەگەر وابێت، ئەوکات گریمانەی ئەوە دەکرێت، دوو کرداری /پێزانین/مان هەبێت، کە بۆ هەریەکێکیان دەروازەی زانیاریی تایبەت بە خۆی تۆمارکرابێت، بە جۆرێک یەکەمیان تایبەت بێت بە بەرهەمهێنانی ڕستەی سادەو ئەویتریشیان ڕستەی ئاڵۆز، هەروەک ڕوونکردنەوەکانی سەریشەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە زانیاریی ناواخنی کردارەکان هەمەجۆرن، هەمەجۆرییەکەش پەیوەستە بە جۆرو دروستەی ڕستەکانەوەو بەهۆیانەوە دیاریدەکرێن. بۆ نموونە وەک گوترا، دیاریکردنی ناواخنی کرداری فەرهەنگیی /پێزانین/، وابەستەی جۆری پرۆژە بەرهەمهاتووەکەیەتی، بە جۆریک لە پرۆژەی ڕستەیەکی سادەدا PP و لە پرۆژەی ڕستەیەکی ئاڵۆزیشدا، لە چەشنی ڕستیلە $Y^-$ دەبێت، کە وەک تەواوکەری سینتاکسیی گۆدەکات و ئەو جێکەوتەیە پڕدەکاتەوە. (بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (٨_ا،پ))، کە تەواوکەرە خورتییەکەی کردار لە یەکەمیاندا دروستەی PPو لە دووەمیشدا دروستەی CP ی هەیە، کە وەک گوترا، واژەگۆکەرەکە هەلومەرجی بوون_بەڕستیلەی بۆ دەڕەخسێنێت.

٨_ ا. من بە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەم زانی.

ب. من زانیم، کە ئەوان لە گەشتن.

شیکردنەوەو ڕاڤەکردنەکانی سەرەوە ئەوەمان پێدەڵێن، کە (١) کردارەکان بە ناواخنی جیاوازیشەوە، بۆ بەرهەمهێنانی فریزی کردارین، (٢) پشتبەست بە خاڵی (١)، کردارەکان دەشێت خاوەنی ناواخنی هەمەجۆر بن، کە هەڵاویرکردنیان پەیوەست بە دروستەی ڕستەکەوە، خواستە سینتاکسییەکە یەکلادەکاتەوە، ئەوەش گریمانەکەی سەرەوە سەبارەت بە بوونی دوو کرداری جیاواز بە دوو دەروازەی فەرهەنگیی جیاوازەوە ڕەتدەکاتەوە، لەبەرامبەردا بوونی هەمان کردار بە ناواخنی جیاوازەوە، ئەگەریی و چاوەڕوانکراوە، (بڕوانە (هێڵکاریی (٣))، کە وەک گوترا، واژەگۆکەرەکەی سەر، دەسەڵاتی گۆڕینی دروستەیی تەواوکەرو هەڵاویرکردنی، لەوەشەوە جۆرو دروستەی ڕستەکەی دەبێت.

هێڵکاریی (٣)




## ٢/٢ ترۆپک لە دروستەی پاش_ڕستەیی واژەگۆکەریدا

ترۆپک کردەیەکی سینتاکسیی پاش_ڕستەییەو ئاخێوەری زمان تاکلایەنانە پەیوەست بە زانیارییەکی دیاریکراوەوە بەرجەستەیدەکات. بە دەربڕینێکی تر، ترۆپک "بەرهەمهێنانی دروستەیەکی سینتاکسییە بە هێنانەپێشەوەی پێکهاتەیەک پەیوەست بە یاسای هەڵواسینەوە" (سەعید، ٢٠٢٤، ٢٩٠)، کە بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە سەرپشکییانە ڕوودەدات، هەروەک ( FROMKIN, RODMAN, HYAMS, 2003, 597)ش پێیانوایە "بەترۆپککردن گواستنەوەیەکە، تێیدا توخم/ ئێلیمێنتێکی سینتاکسیی بۆ پێش ڕستەیەک دەجوڵێنرێت". شایانی گوتنە ویڕای (ترۆپک)، زاراوەی (باسمەند)یش بەرامبەر بە (Topicalization) بەکاربراوە، بەڵام جیاواز لە (ترۆپک)، زاراوەکە لایەنە سیمانتیکییەکەی پرۆسەکە دەگرێتەوە.

شیکردنەوەو نموونەکانی پێشتر ئەوەیان سەلماند، کە پەسنکردنو خستنەڕووی دروستەی پاش_ڕستەیی واژەگۆکەرەکان، لەڕێی هەبوونی هەردوو دروستەی ڕستەی سادە _سەرەکیی_، لەگەڵ ڕستێلەیەکدا دەبێت. پەیوەست بە یاساکانی گواستنەوەوە بۆ ترۆپکی ڕستەی ئاڵۆز، "لە هەریەك لە ڕستەی لێکدراوو ئاڵۆزدا، ڕستەکان دروستەی سەربەخۆی خۆیان هەیەو ئارگومێنتەکانیان لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکانیانەوە حوکمدەکرێن، لەبەرئەوەشە یاساکە لە ڕستەی ئاڵۆزی زمانی کوردییدا کارناکات" (مەعروف، ٢٠٠٩، ١٣٥_١٣٦)، بۆ ڕستەی لێکدراویش، (محەمەد، ٢٠٠٤، ٣٨_٣٩)، هەمان بۆچوون لەبارەی سەربەخۆیی هەریەک لە ڕستەی سەرەکیی و بەشە پەیوەستەکەی ڕستەوە پێشنیازدەکات. ئەمە ئەوە دەردەبڕێت، کە ئارگومێنت_داواکراوەکانی ڕستە شوێنکەوتووەکە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکانی خۆیانەوە دۆخیان پێدەدرێت، بۆیە هەرچەندە (عەلی و حسەین، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ڕستەی ئاڵۆز، ٢٠١٢، ٧٥) پێیانوایە، کە (ڕستێلەکان، ئەوانەی گۆکردنی خورتیی تەواوکەریان هەن، بە جێکەوتەی چەسپاوی ئارگومێنتە داواکاراوەکانی ڕستە، دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن، کە بە (دۆخی ڕێزمانی ڕستەیی) ناوزەدیدەکەن)، بەڵام هەمبەر بەوە، ئەم توێژینەوەیە پشتبەستوو بە تیۆری دۆخ، بەمجۆرە پاساو بۆ بۆچوونەکە دەهێنێتەوەو پەسنیدەکات: (ا) لەبەرئەوەی دروستەی ڕستە، پرۆژەیەکی ڕێککەوتنی بێکەموکوڕییە، بۆیە ویستی هەڵاویرکردنی سیمانتیکیی و پێدانی ڕۆڵی بابەتانە، هەروەها داخوازیی سینتاکسییانەی پرۆژەکە پەیوەست بە پارامیتەرو دۆخەوە لەلایەن سەرە پرۆژەسازدەرەکانەوە جێبەجێبووە، لەبەرئەوە جارێکی دیکە پێکهاتەکانی ڕستەکە، پێویستیان بە وەرگرتنی دۆخ نییە، بەوپێیەی هەموو کەرەستەیەکی دۆخ_وەرگر، تەنها یەک دۆخی ڕێزمانیی پێدەدرێت، بەڵکو ڕستەکە بە ئامادەکراویی وەک یەک پاکێج دەبێتە ئەلتەرناتیڤی دروستەی فریز/ YP و جێکەوتەی تەواوکەر بۆ واژەگۆکەرە حوکمکەرەکەی، پڕدەکاتەوە. لەوڕووەشەوە، کە سەرە ئەرکییەکەی واژەگۆکەر، پەیڕەوی ڕێسای سەرسەرەتا دەکات، ئاراستەی حوکمکردنەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبێت. (ب) دۆخ ئاکارێکی سینتاکسیی تایبەتە بە فریز، واتە "بەپێی تیۆری دۆخ، تەنها فریز کەرەستەیەکی دۆخ_وەرگر دەبێت، نەک وشەو ڕستە" (سەعید، ٢٠٢٤، ٢٥٢). ئەمە جگەلەوەی، کەرەستە دۆخدەرەکان ئاستی واژەگۆکەرو ڕستەیان نییەو بەپێی تیۆری X-bar بە کەرەستەی دۆخدەر دانەنراون، بۆیە توانای پێدانی دۆخیان نییە، هاوکات پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە ڕستە سەرەکییەکەش، لەلایەن پریدیکاتی ڕستێلەکەوە داواکراوە، ئەوکات دروستەی ڕستە سەرەکییەکە، دەبێتە دروستەیەکی حوکمکراو، نەک حوکمکەر.

کەواتە وەک لە سەرەوە خرایەڕوو، سەربەخۆیی هەریەک لە دروستە پێکهێنەرەکانی ڕستەی ئاڵۆز، هۆکارە بۆئەوەی مەرجی گواستنەوەی خورتیی فریز بۆ پێدانی دۆخ لەئارادا نەبێت، چونکە وەک گوترا تەواوکەرەکە دروستەی ڕستەی هەیە، نەک فریز، هەربۆیە "گواستنەوەی فریزی بکەریی و بەرکاریی لە ڕستەی ئاڵۆزی زمانی کوردییدا نییە" (مەعروف، ٢٠٠٩، ١٣٦). (بڕوانە (٩_ب،پ))، کە تێیدا ڕستێلەکەی >ئەگەر گوێڕایەڵ بیت< بووەتە ڕێگر لە گواستنەوەی فریزە ناوییەکانی {جانتایەك، من}دا، چونکە بەربەست بۆ پێدانی دۆخ لەلایەن کردارە سەرەکییەکەوە بۆ ئەو پێکهاتە گوێزراوانە دادەنێت. "بەربەست نۆدێکە، کە هەردوو پێوازۆی سینتاکسیی جوڵاندن و حوکمکردن بلۆکدەکات، بە جۆرێک یەک بەربەست، حوکمکردن و دوو بەربەستیش، جوڵاندن بلۆکدەکات" (Crystal, 2003, 48). کەواتە بۆ ڕێگەنەدان بە گواستنەوەی فریزە ناوییەکانی {جانتایەك، من} بەهۆی ڕستێلەکەوە، چەند بیانوویەک لەئارادان: (ا) پرۆژە بەرزەکان دەبنە بەربەستی حوکمکردن و لەوەشەوە پێدانی دۆخی ڕێزمانیی لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکەی ڕەگی کردار $V^0$ ەوە، بەوەش {جانتا}، {من} ناتوانن نۆدی ڕستێلەکە تێپەڕێنن، چونکە ئارگومێنتی ناوەکیی {جانتا} لە سنووری VP دا ڕوودەدات، بۆیە گواستنەوەی، دەبێتەهۆی لەدەستدانی پەیوەندیی هاوسێیەتیی لەگەڵ سەرە حوکمکەرەکەی $V^0$ دا. هاوکات بەشەبکەریش، هەرچەندە لە دەرەوەی پرۆژەسازدان و سنووری VP دایە، بەڵام لە مەودای ڕستەیەکی سەرەکییدایە، کە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، بۆیە هەر دەبێت لەلایەن کردارە کاتدارەکەی TP و لەڕێی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە، دۆخەکەی بۆ بگوێزرێتەوە، ئەم ڕێگرییانە وادەکەن، هەردوو ئارگومێنتە ناوەکیی و دەرەکییەکە لە ئەگەری گواستنەوەیاندا، بێدۆخ بمێننەوە، (ب) پەیوەست بە خاڵی (ا)ەوە، پێچەوانەکەشی دروستە، واتە ڕێگادان بە جوڵاندن و گواستنەوەی بکەرو بەرکاری ڕستە سەرەکییەکە، دەبنەهۆی ئەوەی، سەرە دۆخدەرەکانی ڕستە سەرەکییەکە، کە ئاستی $V^0$، TP یان هەن، دۆخەکەیان بەتاڵنەبێتەوە، ئەمەش بنەمای پاڵیوەری دۆخ پێشێلدەکات، کە بەپێی پاڵیوەرەکە "هەموو فرەیزێکی ناوی دەرکەوتوو دەبێ دۆخ وەربگرێ". (قادر، ٢٠٠٩، ٨١). بەوپێیە بێت، لە (١٠_ب)یشدا ڕێگە بە هێنانەپێشەوەی {چارەسەر} بۆ سەرەتای

ڕستە سەرەکییەکە نادرێت، بەوهۆیەی، ئارگومێنتەکانی ڕستە شوێنکەوتووەکە، توانای گواستنەوەیان بەسەر ڕستەی سەرەکییدا نییە، چونکە وەک گوترا ڕستەی سەرەکیی، تەنها دۆخ بە ئارگومێنتەکانی خۆی دەدات.

٩_ا. ئەگەر گوێڕایەڵ بیت، من جانتایەکت بۆ دەکڕم.

ب. * جانتایەک ئەگەر گوێڕایەڵ بیت، من بۆ تۆ دەیکڕم

پ. * من ئەگەر گوێڕایەڵ بیت، جانتایەک بۆ تۆ دەکڕم

١٠_ا. ئەو زوو چاکبووەوە، چونکە چارەسەری وەرگرت.

ب. * چارەسەر، ئەو زوو چاکبووەوە، چونکە وەرگرت

لەبارەی فرێزە کردارییە کاتدارەکان TP ەوە، ئەو ڕستیلانەی بێڕێککەوتنن، ڕێگە بە گواستنەوەی فرێزی ناویی بکەریی ڕستە سەرەکییەکە دەدەن بۆ سەرەتای TPیەکە (بڕوانە (١١_ب))، بەڵام پێشبینینیاکرێت وێڕای بکەر، هاوکات ڕێگە بە ترۆپککردنی بەرکاریش بۆ سەرەتای ڕستیلەکە بدرێت (بڕوانە (١١_ت))، چونکە لە پڕۆسەی ترۆپکدا تەنها "یەك جێکەوتەی باسمەند بە هەمان قورساییخستنەسەرەوە هەیە" (مەعروف، ٢٠٠٩، ١٣٥)، بەوەش ترۆپکی دوو کەرەستە، ڕوودانی هەمانکاتییان نابێت، مەگەر لە دوو پڕۆسەی جیادا ڕێکبخرێن (بڕوانە (١١_ب،پ))، بە دەربڕینێکی دیکە، هەر جێکەوتەیەك تەنها یەك ئارگومێنتی تێدا ڕوودەدات/ لەخۆدەگرێت، لەبەرامبەریشدا بۆ گۆکردنی هەر ئارگومێنتێك، تەنها یەك جێکەوتەی ئارگومێنت A-position لەئارادایە، بۆیە خودی جێکەوتەکە، بەربەست بۆ ترۆپککردن/ هێنانەپێشەوەی هەمانکاتیی دوو ئارگومێنت دادەنێت.

١١_ا. پێویستە/ دەبێت لاوکۆ کارەکان جێبەجێبکات.

ب. لاوکۆ، پێویستە/ دەبێت t کارەکان جێبەجێ Ø بکات.

i   j   j   i   i

پ. کارەکان، پێویستە/ دەبێت لاوکۆ t جێبەجێیانبکات.

j   i   i   j   i

ت. * لاوکۆ کارەکان پێویستە/ دەبێت جێبەجێیانبکات

لەوڕووەوە، بۆ هەندێك جۆری کردار، ئەوانەی بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانەوە (پێشناوی درۆیینە، یان نارەسەن (مەحویی، ٢٠٠١، ٥٦))، مۆرفۆلۆژییانە هەڵگوێزراون‌و پێشناوەکان بوونەتە بەشێکی بنەڕەتییان لە دروستە فەرهەنگییەکەیاندا، وەك کردارەکانی /پێزانین، لێزانین، تێکردن، پێکردن، لێکردنەوە،....هتد/، ڕستیلەکە بە شکانەوەی ویستی کردارەکە بەرهەمدێت، ئەویش لەبەرئەوەی نائازادەو بە تەنها دەرفەتی سینتاکسیی و سیمانتیکیی گۆکردنی نییە، بۆیە لەناو ڕستەی سەرەکییدا بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی پاش-ڕستەیی ڕستەی ئاڵۆز، دەشکێتەوە (بڕوانە (١٢_پ)).

١٢_ ا. من به بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەم زانی.        /پێزانین/

ب. * بە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، من زانیم

پ. من زانیم، کە ئەوان لە گەشتن.        /پێزانین/

ڕستیلەی تەواوکەریی

ت. * کە ئەوان لە گەشتن، من زانیم

ج. * ئەوان من زانیم، کە لە گەشت بوون

ح. * من، کە ئەوان لە گەشت بوون، زانیم

لە (١٢_ا)دا کرداری /پێزانین/ بە جێبەجێبوونی ویستەکەی، دروستەی ڕستەیەکی سادەی بەرهەمهێناوە، کەچیی لە (١٢_پ)دا گۆڕانی فۆڕمی ویست/ ناواخنە فەرهەنگییەکەی هەمان کردار، ڕستەیەکی ئاڵۆزی بونیاتناوە، بەوەش هەردوو ڕستەکە، دوو نواندنی جیاوازی هەمان کرداری /پێزانین/ن، بۆیە ڕێگە بە گواستنەوەی هیچ کام لە ناواخنەکانیان لە جۆری دروستەی PP و ڕستیلەش نادرێت. (بڕوانە (١٢_ب،ت)). لەلایەکی ترەوە وەک ئاماژەپێدرا، گواستنەوە تایبەتمەندیی فرێزەو بەسەر فرێزی ناویی و بکەرییدا جێبەجێدەکرێت، بە جۆرێک "لە کاتی گواستنەوەو جوڵانەکاندا مۆرفیمەکانی ڕێکەوتن پارێزەری پارامێتەری فۆرمە جیاوازەکانی ڕستە دەبن" (مەعروف، ٢٠٢٠، ٢٢)، بۆیە جوڵاندنی ڕستیلەی >کە ئەوان لە گەشتن< لە (١٢_ت)دا، دیسان بە هۆکاری کۆپیینەکردنی نیشانەی ڕێککەوتن لە جێیی خۆی، ڕێگەپێنادرێت. هەروەها ترۆپکی PP ی {بە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە} لە (١٢_ب)دا بۆیە ڕێگەپێنەدراوە، چونکە فرێزە پێشناوییەکە، دروستەیەکی دۆخدارە، بەڵام بەهۆی گواستنەوەیەوە، دۆخەکەی لەدەستدەدات، لەبەرئەوەی نۆدی VP، کە گەورەترین پڕۆژەیە، دەکەوێتە نێوان PP و $V^0$ هکەوە، بەوەش دەبێتە بەربەست‌و ناهێڵێت کردارە فەرهەنگییەکە حوکمی PP یەکە بکات‌و دۆخی بداتێ، هەروەك هیچ نیشانەیەکی ڕێککەوتنیش لەجێیی خۆی کۆپییناکات، تا بەهۆیەوە دۆخی ڕێزمانیی کردارە فەرهەنگییەکەی بۆ بگوێزرێتەوە.

هاوکات ترۆپکی ڕستیلەی >کە ئەوان لە گەشتن< لە (١٢_ت)دا ناڕێزمانییە، چونکە جوڵاندنی ڕستیلە/ فرێزی واژەگۆکەریی، بەسەر ڕستەی سەرەکییدا ڕوونادات. ئەم ئاکارەش، CP ی تەواوکەر لە ZP ی سەربارەکان جیادەکاتەوە، چونکە سەربارەکان دەگوێزرێنەوەو بەترۆپکدەکرێن، بێئەوەی بنەماو یاساکانی گواستنەوە پێشێلبکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەربارەکان کەرەستەی بیدۆخن، واتە دۆخ_وەرگر نین، بۆیە گواستنەوەو هێنانەپێشەوەشیان، کاریگەریی لەسەر ڕستەی سەرەکیی نابێت و بنەماکانی تیۆری دۆخیش بریندارناکات، لەمەشەوە ئەو CP یانەی گۆکردنی ZP یان هەن، هاوشێوەی ZP یەکان گواستنەوەو بەترۆپککردنیان تێدا ڕوودەدات، بڕوانە ترۆپکی ڕستیلەی ئاوەڵکردارەیی (١٣_ا) لە (١٣_ب)داو بە (١٢_ت) بەراوردیبکە، کە ڕستیلەکەی (١٢_پ) گۆکردنی تەواوکەرو ڕستیلەکەی (١٣_ا) حوکمی سەرباری هەیە.

١٣_ا. جێگا هەڵدەگرین، کە خوشکەکەم هات.

ڕستیلەی ئاوەڵکردارییی/ ZP

ب. کە خوشکەکەم هات، جێگا هەڵدەگرین.

ڕستیلەی ئاوەڵکردارییی/ ZP

لە (١٢_ج)یشدا، لەبەرئەوەی وەك گوترا، ئارگومێنتەکانی هەر ڕستەیەك لەژێر مەوداو دەسەڵاتی سەرە حوکمکەرەکەی خۆیدایە، کەواتە ڕێگەنادرێت ئارگومێنتەکانی ڕستە شوێنکەوتووەکە بۆ جێکەوتەی ئارگومێنتەکانی ڕستە سەرەکییەکە بگوێزرێنەوەو پێیدا هەڵبواسرێن، بەوپێیەی بۆ گۆکردنی هەر ئارگومێنتێك تەنها یەك جێکەوتەی سینتاکسیی هەیە، جگەلەوەش، هەر سەرێکی ڕێزمانیی یەك دۆخ دەدات‌و لەبەرامبەریشدا هەر ئارگومێنت_داواکراوێك تەنها یەك دۆخ وەردەگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە، پڕۆژە گەورەکەی CP ی >کە ئەوان لە گەشت بوون<، دەبێتە بەربەستی گواستنەوەکە، ئەمەش بە جۆرێکە، کە CP وەك نۆدێکی بەندکەر bounding node

بەربەستی حوکمکردن بۆ کرداری ڕستە سەرەکییەکە دروستدەکات، بەوەش ناتوانێت دۆخی ڕێزمانیی بە ئارگومێنتی بکەری ڕستە شوێنکەوتووەکە بدات.

لەلایەکی دیکەوە لە (١٢_ح)دا، ڕێگەنادرێت ئارگومێنتی بکەری ڕستە سەرەکییەکە بەسەر ڕستە شوێنکەوتووەکەدا بهێنرێتەپێشەوە، چونکە "ئەو ڕەگەزانەی، وەك بەربەست یان سنوور بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانیی گۆدەکەن، گەورەترین پرۆژەکانن، سنوورەکە بەو جۆرەیە، کە ڕەگەزێکی حوکمکەر ناتوانێت بەسەر ڕەگەزێکی حوکمکەری دیکەدا بازبدات یان تێپەڕێتو ڕەگەزێکی تر حوکمبکات" (مەحوی، ٢٠٠١، ١٨٢)، نۆدی CP یش بەوپێیەی پرۆژەیەکی گەورەیە، بۆیە دەبێتە بەربەست بۆ کرداری ڕستە سەرەکییەکە، بە جۆرێك ناهێڵێت کردارەکە حوکمی بکەرەکەی بکاتو دۆخی ڕێزمانیی پێبدات، هەربۆیە دروستەکە ناڕێزمانیی دەبێت، لەمەشەوە دروستەی CP، یەکێك دەبێت لەو بەربەستانەی حوکمکردن، کە سنوور بۆ مەودای گواستنەوەکان لە کوردییدا دادەنێت.

## ٢/٢_١ بەربەستەکانی ترۆپك لە پرۆژە واژەگۆکەرییەکاندا

بۆ پرۆسەی بەترۆپککردنی هەر فرێزێك، مەرجو بنەمای تایبەتیی هەنو لەئارادان، واتە پرۆسەکە وابەستەی قەید/ کۆتومەرجی دیاریکراوە، بۆیە ڕێگەنادرێت ئاخێوەر بۆ هەر کەرەستەیەك ئارەزوومەندانە پرۆسەکە جێبەجێبکات، بەڵکو یاسا سینتاکسییەکان، ئاخێوەری زمان پابەندی پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانە دەکەن، کە لە سینتاکسی زمانەکەدا دروستو ڕێگەپێدراون. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر ترۆپك وابەستەی جێبەجێکردنی مەرجو یاساکانی گواستنەوە بێت، ئەوا "مەرجی  هاوسێیەتیی مەودای یاساکانی گواستنەوە دیاریدەکات. واتە گرنگیی بەوە دەدات کە پێکهێنێك دەتوانێت بە دووری چەند بجووڵێنرێت" (محەمەد، ٢٠٠٩، ٢٥٠)، سەرباری ئەوەی، بۆ جولاندنی هەر فریز/ پێکهاتیلەیەکیش، زمان تەنها ڕێگە بە بەزاندن/ تێپەڕاندنی یەك گرێ Node دەدات، بە جۆرێك بەپێی بنەمای هاوسێیەتیی، "هیچ گواستنەوەیەك ناتوانێت زیاتر لە نۆدێکی بەندکەر تێبپەڕێنێت" ((Cook & Newson, 2007, 140)، بەوەش دوو گرێ بەربەست لەبەردەم گواستنەوەی فرێزدا دروستدەکەن، هاوکات پرۆژە گەورەکانیش دەبنە بەربەستی گواستنەوەکان، چونکە سەرێکی ڕێزمانیی حوکمکەر، ناتوانێت پێکهاتەیەك لەژێر ڕکێفو مەودای سەرێکی ڕێزمانیی دیکەدا حوکمبکاتو دۆخی ڕێزمانیی پێبدات (بڕوانە (١٤_ا)و هێڵکاریی (٤)).

١٤_ ا. ماڵی ئەوان ڕووخا.

ب. * ئەوان، ماڵ ڕووخا

پ. ئەوان، ماڵ یان t ڕووخا.

ت. ئەوان، ماڵیان t ڕووخا.

i i i

هێڵکاریی (٤)




نواندنی سینتاکسیی ڕستەی (١٤_ا) لە هێڵکاریی (٤)دا، دەریدەخات کەرەستەکان لە جێگەوتەی خۆیاندا هاتوون، دواتر هەنگاوەکانی بەترۆپککردنی (١٤_ا)، دروستەیەکی لە جۆری (١٤_ت) بەرهەمدێنێت، کە تێیدا سەری ڕێزمانیی {ئەوان} کراوەتە کەرەستەیەکی هێنراوەپێشو بەترۆپککراوە، بۆ ئەوەش گواستنەوەی کەرەستەکە تەنها یەك گرێ/ نۆدی تێپەڕاندووەو بە فرێزی {ماڵیان}دا هەڵواسراوە. بڕوانە نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٥)دا، کەچی بەپێچەوانەی (١٤_ت)هوە، لە (١٥_ب)دا ڕێگەنادرێت گواستنەوەی فرێزی بەرکاریی {تابلۆکان} وەك ترۆپکی دروستەی (١٥_ا) ڕووبدات، لەبەرئەوەی فرێزەکە توانای تێپەڕاندنی هەردوو نۆدی CPو AGRPی ڕستە سەرەکییەکەی نییە، لەبەرئەوەی دوو نۆد، بەربەست بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی لەلایەن کرداری فەرهەنگیی ڕستە شوێنکەوتووەکەوە دروستدەکەن، بڕوانە نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٦)دا.

هێڵکاریی (٥)




١٥_ا. ئەوان تۆیان خەڵاتکرد، چونکە pro بە جوانیی تابلۆکانت کێشا.

ب. * تابلۆکان، ئەوان تۆیان خەڵاتکرد، چونکە pro بە جوانیی کێشاتن

هێلکاری (٦)




### ٢/٢_٢ ئاڕاستەو ترۆپك

لەو ڕوانگەیەوە، کە کوردیی زمانێکە لە دروستەکانیدا بە گشتیی پەیڕەوی ڕێسای سەرکۆتایی دەکات، بۆ پاراستنی ئەمە، ئاڕاستەی گواستنەوەکان تێیدا لە چەپەوە بۆ ڕاستن (بڕوانە (حسەین، یاساکانی گواستنەوە بەگشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، ٢٠١٢، ٤١، ٤٢))، بەپێی ئەمە بێت، جوڵاندنی هەر پێکهاتیلە/ پێکهاتەیەك لە سنووری فرێزو ڕستەدا بەرەو لای ڕاست ڕوودەدات، هەروەکچۆن دەرنەبڕین/ بەمۆرفیمکردن لە مۆرفۆسینتاکسیشدا بە هەمان ئاڕاستە دەبێت (بڕوانە (١٦، ١٧))، ئەمەش پەیوەندیی بە پاراستنی جێکەوتەی سەرەوە هەیە، کە پێشبینییدەکرێت جێکەوتەیەکی چەسپاوو خۆپارێز بێت، بۆ ئەمەش، جوڵاندنەکان پەیوەست بە گواستنەوەی جێکەوتەی تەواوکەرەوە جێبەجێدەبن.

١٦_ا.　دایکەکە منداڵەکەی دەشوات.

ئاڕاستەی بەترۆپککردن

ب. منداڵەکە، دایکەکە دەیشوات.　(بەترۆپککردن)

١٧_ا. من ڕۆمانەکانم خوێندەوە.

لابردن‌و بەمۆرفیمکردن

ب. خوێندمنەوە.　(مۆرفۆسینتاکس)

## ئەنجام

1. هەرچەندە پەیوەست بە پڕۆژەی واژەگۆکەرەکانەوە لە زمانی کوردییدا، فرێزی واژەگۆکەریی/ ڕستیلە، لە چەمکە ئەرکییەکەیدا دوو جۆر گۆکردنی دەبێت، (ا) گۆکردنی تەواوکەریی_ئارگومێنتیی، (ب) گۆکردنی سەربارییی_نائارگومێنتیی، بەڵام پێناچێت ئەدگاری سەرپشکێتیی گۆکردنی سەربارییانەی ڕستیلە پەیوەست بە پەیکەری گشتیی پڕۆژەی پاش_ڕستەیی واژەگۆکەرەوە، بەهادار بێت، هەمبەر بەوە بوونی ڕستیلە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەکە، هەمان سەنگی ئەو تەواوکەرەی هەیە، کە $V^0$ ی کردارێکی هێز_تێپەڕ هەیەتی، بێ بایەخدان بە چەشنی گۆکردنە سینتاکسییەکەی، بۆیە لەئارادابوونی فرێزە واژەگۆکەرییەکەی CP، کراوەتە مەرجی سەپێنراوو خورتیی و لە ئەگەری نەبوونیدا، دروستەکە ناکامڵ و کەموکوڕیی دەبێت.
2. زانیاریی ناواخنی کردارە فەرهەنگییە هەڵگوێزراوەکان بەهۆی /پێ_، تێ_، لێ_/وە، پەیوەست بە نواندنیانەوە لە سینتاکسدا، هەمەجۆرن و وابەستەی جۆری پڕۆژە بەرهەمهاتووەکەیانن، بۆئەوەش جۆر/ دروستەی ڕستەکان دەبنە سەنگی محەک و هەمەجۆرییەکە لە سینتاکسدا مارکەدەکەن. (بڕوانە نواندنی سینتاکسییانەی ناواخنی هەمان کرداری /پێزانین/ لە بونیاتنانی ڕستەی سادەو ئاڵۆزدا).
3. لەناو پڕۆژەی پاش_ڕستەیی واژەگۆکەریی ڕستەی ئاڵۆزدا، بەترۆپککردنی فرێزە واژەگۆکەرییەکەی CP، وابەستەی جۆری گۆکردنە سینتاکسییەکەیەتی، بە جۆرێک پەیوەست بە کردارە مۆرفۆلۆژییەکانەوە، فرێزەکە بەترۆپکناکرێت، چونکە جوڵاندنی CP بەسەر ڕستەی سەرەکییدا ڕوونادات. ئەم ئاکارەش، ڕستیلەی تەواوکەریی لە ZP ی سەربارەکان جیادەکاتەوە، بە جۆرێک ئەو CP یانەی گۆکردنی سەربار/ ZP یان هەن، هاوشێوەی ئەوان، گواستنەوەو بەترۆپککردنیان ڕێگەپێدراوە، چونکە سەربارەکان کەرەستەی نائارگومێنتیین، واتە کەرەستەی بێدۆخی ڕێزمانیین، بۆیە هێنانەپێشەوەیان سەرپشکیی و تەنها بۆ زانیاریی سیمانتیکییە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردیی:


بەرزنجی، شلێر ڕەسوڵ محەمەد (٢٠٠٤)، یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

حسەین، ئازاد ئەحمەد (2012)، یاساکانی گواستنەوە بەگشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (34).

حەمەرحیم، شنە عزیز (٢٠٢٣)، فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە.

سعید، سازان ظاهر (٢٠٢٣)، پرۆژەی سەری ئەرکیی لە زمانی کوردیی دا، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارە (١٢).

سعید، سازان ظاهر (٢٠٢٤)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپی دووەم، چاپخانەی پاندا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانیی.

عەبدوڵڵا، نیهاد سیسۆ (٢٠٢٢)، ڕۆنانی گرێ لە شێوەزاری هەرکیدا بەپێی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.

عەلی و حسەین، بەکر عومەر، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٢)، تێروانینێکی نوێ بۆ ڕستەی ئاڵۆز، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٥).
قادر، سەباح ڕەشید (2009)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
کەریم، دیار عەلی کەمال (2002)، ڕێزمانی کوردی روانگەیەکی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین_ هەولێر.
محەمەد، حاتەم ولیا (2009)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (2009)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپخانەی سارا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم.
مەحوی، محەمەدی (2001)، رستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
والی، هەژار حسێن (٢٠٢٣)، پارامێتەر لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**بە زمانی ئینگلیزیی:**

Aarts, B. (2001), English Syntax and Argumentation, Second Edition, Palgrave.

Baker, A. & Hengeveld, K. (2012), Linguistics, first published, WILEY BLACKWELL.

CARNIE, A. (2011), MODERN SYNTAX, A COURSE BOOK, First publish, United States of America, Cambridge University Press.

Cook. V. & Newson, M. (2007), Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publishing.

Crystal, D. (2003) A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.

FROMKIN, V. & RODMAN, R. & HYAMS, N. (2003), AN INTRODUCTION TO LANGUAGE, seventh edition, Library of Congress, Cataloging- in Publication Data, THOMSON HEINLE.

Haegeman, L. (1998), introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishing.

MATTHEWS, P. H. (2007), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.

Parker, F. & Riley, K. (2012), Linguistics FOR NON-LINGUISTS, Fifth Edition, Allyn & Bacon is an imprint of PEARSON.

Radford, A. (2012), AN INTRODUCTION TO ENGLISH SENTENCE STRUCTURE, First published, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

.